الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR**

# بایادی کارەساتی هەڵەبجە
# بکەینە ڕۆژی دەربرینی نارەزایەتی لەپێناو ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستاندا

ئەمرۆ نۆزدەساڵ بەسەر تراژیدیای کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی خۆشەویستدا تێدەپەرێت، تاوانێك کە لەیەکەمین ساتە تاریکەکانی خۆیدا گیانی 5 هەزار ئینسانی کردە قوربانی وبەهەزارانی بریندارو کەم ئەندام و بە هەزاران ئینسانیشی ئاوارە و بێسەرپەنا کرد. تائیستاش کاریگەری ئەم کارەستە لەیەخەی خەڵکی ئەم شارە نابێتەوە جیلاوجیل ئاسەوارەکانی دەرئەکەون، ئەم ڕوداوە هیچی لەڕوداوی هۆلۆکۆست" جینۆسایدی یەهودیەکان" کەمتر نییە، لە مێژووی بەشەریەتدا.

ئەم رژیمە لەدەسەڵاتخراو و گۆڕبەگۆر کراوە، کە ئەم تاوانەی ئەنجامدا بەدریژای بەریخستنی سیناریۆی دادگایکردنی سەرانی بەعس لەلایەن دادگای کۆنترۆڵکراوی دەستی داگیرکاریدا، لەلایەکەوە بەلەسیدارەدانی سەرەجەلادی عیراق (سەدام حسین) فایلی تاوانبارانی ترو حەقیقەتی سەرجەم کارەساتە جەرگبرەکانی سەرخەڵکی کوردستانیان وەلانا لە لایەکی تریشەوە خەریکن جارێکی تر بەعسیەکان و نیزامی بەعسی بەلام بێ دەموچاوی سەدام حسین بکەنەوە ملۆزمی سەردڵی خەڵك، وەکو ئەوەی چەکوکێشە قەومچیەکان و ڕەوتە ئیسلامیەکانی ئێستای عێراق سەدامیەکان و بەعسیەکانی کەم بێت.

نۆزدەساڵ بەسەر ئەم زامە قووڵە تێدەپەرێت کەچی خەڵکی هەڵەبجە لەسەرەتاترین ماف و ژیانی ڕۆژانەو لەهەموو خزمەتگوزاریە سەرەتایەکان بێبەشن، لەمانەش زیاتر ساڵێ پار بەئاگرو ئاسن وەڵامی نارەزایەتییە ڕەواکانی خەڵکی ئەم شارەیان دایەوەو "کوردۆ"یان کوشت وبەدەیان لاوی تریان رەوانەی کونجی زیندانییەکان و بەدەیانی تریشیان لێ ئاوارەکردن.

نۆزدەساڵ بەسەر کارەساتی جەرگبری هەڵەبجەدا تێدەپەرێت، کەچی ژیانی ئۆردوگای و ئاوارەیی بەشی خەڵکی هەڵەبجەیە، و سەجەم کۆمەڵگای کوردستانیش تا ئێستا سەرگەردانەو چارەنووسی خەڵکەکەی بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، لەمانەش زیاتر لەدەمی دۆست و هاوپەیمانە بەئەمەکەکانی دەسەتدارانی کوردستانەوە ئەمجارە پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستاندا ڕاپۆرتدەکرێت، لەزیندانیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نینۆك بڕین وکارەبا لێدان و دەسدرێژی سیکسی ونارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەتەقەکردن گرتن و ڕاونان سەرکوت دەکرێت.

بـا ئەمرۆ لەنۆزدەهەمین ساڵیادی گیان بەختکردوانی کیمیابارانی هەڵبجەدا هەموو ئێمەو ئەوانەی دەیانەوێت بەر دوبارەبوونەوەی ئەم کارەساتانە بگرن، با خەباتی خۆمان و ریزەکانی خۆمان یەکبخەین بۆئەوەی ڕێگە نەدەین کوردستان بچێتەوە ژێرچەپۆکی دەسەلات و دەوڵەتێکی قەومی ئیسلامی عەرەبی،و کۆتایی بەژیانی ئاوارەی و دەربەدەری چاوسورکردنەوەی دەوڵەتانی دراوسێ بیتەوە. کاتی ئەوەهاتووە بەڵای ئەحزابی دەسەتداری کوردی لەسەر خۆمان هەڵگرین، ئەوان بەکردەوە هەموو ڕێگاکانی خۆیان تاقی کردۆتەوەو سەلماندویانە کەرێگرن لەبەردەم خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ بریاردانی لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان.

با ساڵیادی هەڵەبجە بکەینە هاتنە مەیدانی جەماوەری و سەرتاسەری بۆ خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان.

# فيدراسيۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-3-16

| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
|---|---|---|---|
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saeed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address:** **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK** | | **IFIR Website:** | **www.csdiraq.com** |